# دەربارەی دراماو ڕەخنە

محمد بكر تيمور

بزووتنەوەی دراما ڕەنگدانەوەیەکی درامای ژیانو بوونە کە مەوداکانی مورکێکی بزوێنەر لە نێو کۆمەڵو ئادەمیزادو سروشتدا بە خۆوە دەبینێو دەگۆڕێ.

جەوهەری دراما فرمانو جوولانەوەیە. ناساندنی چەند کەسانیکە بە هۆی چەند کەسانێکی دیکەوە. لە ڕێگەی هێنانەدی بارو دۆخێك کە مەرج نیە ئەو بارو دۆخە بگۆردرێت. وا دەبێ هەموو جەوسەرەکانی تێك دەشکێن یا فرمانو بزووتنەوە لە نێوان دوو جەمسەری دژ بە یەك یا لە یەكچوو روودەدات. یا لە تاکە جەوسەرێکدا، جا چ لە نێوان خودی ئادەمیزادو سروشت بێت هەر وەکو :– «پیرەمێردو دەریا»و «موبی دیك»و «گەمەی کەر». وەیا لە نێوان ئادەمیزادێكو ئادەمیزادێکی دیکە. هەڵبەتە باری یەکەمیان ئۆزنترە لەهی دووەمو لەڕاستیدا ململانێ نیەو نابێتە جەوهەری دراماش. گۆتەی :– دراما ململانێیە. پێناس کردنێکی شێوەیی و گشتیو رووتو رەمەکی یە، لێکدانەوەی ماناکەی نسبی یەو نابێتە بنکەی بریاردانە سەربوونو نەبوونی دراما. ململانێ لە درامادا بە شێوەیەکی گشتی لە کۆنەوە تائێستا لە سەر یەك ریچکەو شێوە نەرۆشتووە چۆنێتی ڕەچەڵەکی فرمانو جوولانەوە چەشنی ململانێیەکە دەستنیشان دەکاتو بینەرانی شانۆش بەیەك چاوو بیرکردنەوە سەیری ململانێ ناکەنو بە موتلەقیشی نازانن. فرمانو جوولانەوە هەردەم بەردەوامە لە داهێنانو پەرەپێدانی ململانیو گرێی فرەچەشن هەر بۆیەش دراماو شانۆ جۆرە فەلسەفەیێکی تایبەتی بۆنیە لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی تائێستا..

دراما لەشێوەیەکی هونەری زیندوودایە. ئینجا پانتۆمایم بێت یاشا نۆگەری یەکی دەق ئیرتجالی زارەکی یاشانونامەیەکی پیشاندراو بە هۆی ئەکتەرو جلو بەرگو نواندن لە جێگایەکدا، مەرجیش نیە چەند تابلۆیی و هەر چەندیش بخاێنێ هەر شانۆگەری یەو لە بینای درامی بێبەش نابێت[1].

لە تێروانینی نوێدا لاسایی کردنەوەو نواندنو تەمسیـل بە شانۆ لە قەلەم دەدرێن جەوهەری شانۆش کارێکی تێکرایی هاریکاری یە. شانۆ فەرهەنگی ئەدەبو هونەر نیە یاگشت هونەرەکانی تری لە ئامێز خۆی نەگرتووە. شانۆ هونەری ئیجباریو هونەری ئیختیاری لە باردایە بەبێ دووەمیشیان هەر شانۆیە. مەبەست لە هونەری شانۆیی گشت تاقی کردنەوەکانی کۆنو نوێیە سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی لە بواری شانۆدا.

هونەری شانۆ ئەو هونەرانەیە کە شانۆ لە ئامێزی خۆی دەگرێو هەر شانۆش پەروەردەی هونەرەکانی تری نەکردووە بەڵکو هونەرەکانی دیکە شانۆیان پێش خستووەو مەنزلیان گەورەتر کردووە . دراماو شانۆ لە وولاتێکی دیاردا سەری هەڵنەداوەو بلاونەبۆتەوە ! ! تا ئێستا هیچ جۆرە زانستی‌یەك ئەم جۆرە بۆچوونەی بە بەڵگە نەسەلماندووە . .

زاراوەی شانۆ ناوێکە بۆ جێگایەك بەکار براوە کە شانۆگەری تێدا بنوێنرێو یەکەی سەکۆی پیشاندانو مەکۆی بینەرانی هەبێت . ئەگەر هاتو دەیان هۆڵی واهەبێت بەبێ پیشاندانی درامی هۆڵێکی رەقو تەقەو ناوێکی بێ‌ناووکە[٢] ، کەچی دراما لە هەر جێگایەکدا کەوتە فرمانو بزافتن لە دەشتێ بێت یا گۆڕەپانو سەربانو چایخانەو سەیرانگاو دیوەخانو مزگەوت . مەرجەکانی یەکەی گشتی شانۆ دروست دەبێ کە سەکۆی پیشاندانو مەکۆی بینەرانە . .

کە بە دەق شانۆیی دەگوترێ شانۆگەری هەر لەبەر ئەوەیە بۆ کردەی پیشاندان نووسراوە گەر هاتوو ئەو توانایەی لەباردا نەبوو لەسەر شانۆدا بە شانۆنامەو شانۆگەری ناژمێردرێ . .

بۆچوونەکانی ئەرستۆ دەربارەی دراماو شانۆو ڕشتەکانی دراما مەفهوومی شانۆی زەمانی خۆیەتی ئەمەش مانای ئەوە ناگەیێنێ ئەو یاسا گشتی‌یانەی کە لە سەرەوە باسمانکرد تێك شکاونو باویان نەماوە . کە لە زەمانی ئەرستۆو هۆمیرۆس زۆر کۆنترن . بەلام چەسپاندنی ئەرستو تالیزمی بەسەر درامای نوێ لە واقعی دراما دوورمان دەخاتەوە . گەر سەرنجێ بدەینە ڕشتەکانی درامای نوێ کە لە کانگای گۆڕانو گۆڕانکاری ئابووریو کۆمەلایەتی جیهانی نوێ سەریان هەڵداوە دەبینین کۆمیدیا لە شیوەیەکی تراژیدیادا دەنوێنرێ یا تراژیدیا لە کۆمیدیادا یاتراژیدیاو کۆمیدیا «تراجیکۆمیدیا» پێکەوەو زۆران ناوو تەوژمی درامی دەمێکە لە باون . درامای رامیاریو مێژوویی‌و کۆمەلایەتی‌و درامای دراماو درامای ناومالو خێزان . . . هتد . شانۆیی «میدیا»ی یوریپدس دەچێتە ڕیزی درامای خێزان کەچی ئەرستۆ ئەو ناوەی لێ نەناوە ، هەمیشە یەکەکانی فرمانو کاتو شوێنو چونێتی نووسینەوەی ئەدەبی درامی قالبەکانی ئەرستوتالیزمی شکاندووە . زۆران هۆی تری گەیاندنی دراما پەیدا بووەو هەرچەندە جۆرە جیاوازی‌یەکی سەرەکیان لە گەل شانۆدا هەیەو بەرهەمەکانیان هەر بە درامانا سراون وەك :— درامای بیستن (ئیزاعی)و درامای دیتن (سینەماو تەلەفزیون)[٤] بۆیە یەکە ئەرکی ڕەخنە ناو لێنانی چەشنو ڕشتەکانی درامایە ، ئەگینا بۆ چوونەکانی سەرە دەکاتو ناگاتە ساغەی دراماکە . درامای ڕەخنە داهێنەری ڕەخنەی درامی‌یە کە ئەویش سەرئەنجامی بزووتنەوەی درامایەو بە هیچ جۆرێکیش شانۆچ لە مێژووی کۆن یانوێ دۆخێکی ئیجابی‌و یاسلبی وەرنەگرتووە بۆیە پێویستە ڕەخنە هاوکێشەی نێوان شانۆو بینەرو واقع بپارێزێو ئەو شتانەی کە بە خەیاڵی نووسەر یا دەرهێنەر نەهاتووە بیدۆزێتەوەو شارەزایی‌یەکی تەواوی هەبێت دەربارەی گشت بەرهەمەکانی نووسەرو دەرهێنەرو بیناسێت . کولرد ج دەلێت :— شانۆیی کۆپی‌کردنی سروشت‌نیە . بەڵکو لە چاوکردنەوەی سروشتە»[٥] ئەشلی دیوکس ئەوەمان زیاتر بۆ ڕۆن دەکاتەوە کە دەلێت :—

ئەو هەموو بەرهەمە درامیانە هەر لە دێر زەمانەوە دەرکەوتوون ڕوانینی مرۆڤیان لە باری بزووتنەوەدا تێدایە » ڕەچەڵەکی بزووتنەوەش بزووتنەوەکە پێناس دەکات کەوابێ هەر درامایەك لە واقعو باری کۆمەلایەتی وەرگیراوەو دووبارە دەکرێتەوە بۆیە هەست‌کردن بە پێویستی جەماوەرو ئەرکی قۆناغی شانۆ هەرە پیرۆزترین نامەی ڕەخنەیە . شاعیرو نووسەر یا دەرهێنەر بە سەربەستی ئاواتی خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا دەردەبڕن ڕەخنەش لە چیوەی یاساکانی‌دا لە پێناوی هاوکیشەی جەماوەری بینەرانو شانۆ ماف ئەو سەربەستی‌یەی بەدەسەتەوەیە . ئەشلی دیوکس دەلێت « . . . ئەوەی دراما دەخولقێنێ جەماوەرە . مەبەستمان لەو بینەرانە نیە کە شانۆ دەیانگرێتە باوەش بەڵکو مەبەستمان لە بوونی کۆمەڵە بە ئێکرایی

که جەماوەری شانۆی لیّ پێك دێت»[٦]

ڕەخنە چ جۆرە نەخشێکی بۆنیەو شێوەکانی ڕەخنەی شانۆیی ، کورتە ڕەخنەو برووسکە ڕەخنەو ڕەخنەی ئاسایی هەمووی دوو جۆری سەرەکین . شی کردنەوەی ئەدەبی درامی کە پێویست بە هەستی شانۆیی و دەرهێنانو شارەزایی یەکی تەواو دەکات لە فۆلکلۆرو چیرۆكو ڕۆمانو پەخشانو هەڵبەستو موسیقاو ڕەسمو زانستی یەکانی دەروونو چەشنەکانی نەخۆشی و قۆناغەکانی تەمەنو چەرخەکانی مێژوو . ئەدەبی درامیش پێناسەی تایبەتی خۆی هەیەو تارادەیەکی زۆر جیاوازە لە گەل شێوەکانی دیکەی ئەدەب لە بەر ئەو پەیوەندی یە فراوانانەی کە لە گەڵ جۆرەکانی تری هونەر هەیەتی . هەر چەندە ڕەخنەگر لە مەرجەکانی دەرهێنانیش پسپۆڕبێت ماف گۆڕینی دەق نووسەری نیە . ناسینی قوتابخانەو تەوژمەکانی کۆنو نوێ ی جیهانی و شانۆی یونانی و ڕۆمانی ئەوە مەسەلەیەکی ئاسایی یە ؛ لەمە گرنگتر ناسینی دراماو شانۆو خاسیەتەکانی نەتەوەو باری سایکلۆژی جەماوەرو چۆنێتی ڕیّ ڕەوی شانۆی خۆماڵی یە ، لە پێناوی پەرەپێدانی هەر سیّ توخمەکانی شانۆو ڕەخنەش گوازتنەوەی قاڵبو کۆپی کردنی کەتەلۆكو مونتاج کردن نیە . جۆری دووەمی ڕەخنە ڕەخنەی «تطبیق»یەوە دەبیّ دەقەکە پێشتر بخوێنرێتەوەو بەلای کەمەوە پیشاندان درو سیّ جار ببینریّ . پەسندترە ڕەخنەگر ئەو ڕۆژە پیشاندانەی کە ڕەخنەکەی بۆ نووسراوە بە دیاری بخات . ڕەخنەگر ڕاو تێبینی یەکانی جەماوەر پشت گویّ نەخاو شی یان بکاتەوە . بە هیچ جۆرێك ڕەخنەی ڕاستەقینە بەر لە دیتنی شانۆیی بریاری ئامادە کراوی لە گیرفان نابیّ و هەر دەقێکی پیشاندراویش چوار دەست دەبینیّ دەق نووسەرو دەق دەرهێنەرو ئینجا پیشاندانو دوواجار بینایی لای بینەران . لە پەنای ئەو چوار دۆخەدا ڕەخنەگر کۆششی خۆی دەنوێنیّ . کەوابیّ دەرهێنەر ناتوانیّ لەسەدا سەد ئاوێتەی گیانی نووسەربێت . گەر ڕەخنەگر کەوتە بەراووردکردن دەبیّ نموونەی بخاتەروو . کەوتنە گێژەنەی زاراوەو هەڵگیری لە ڕەخنەدا ئاڵۆزکردنی زاراوەو هێمای نیشاندانە لە کاتێکدا بینەر تێگەیشتنی مەبەستە . ڕەخنە تەنیا دیالۆژێکی نێوان ڕەخنەگرو هونەرمەندان نیە بەڵکو هەڵویستە بەرامبەر بە شێوەو ناوەڕۆكو مەبەستەکانی هەموو لایەنەکانی پیشاندان پێکەوە . پەسندکردنی کاراکتەرێك یا تابلۆیەکی شانۆگەری یەك باوی نەماوەو ڕۆژی بەسەرچوو ، شی کردنەوەی یەکەکانی تەوەرو هێلی سەرەکی دراما مەرجە ، چاکترە ڕەخنەگر لە پرۆڤەکان ئامادەبێت بەس پرۆڤەکان بێجگە لە شارەزایی هیچی تر نابەخشنە ڕەخنەگر ، نووسین لەسەر پروڤەکانو دووا پرۆڤە نابنە ڕەخنەگرتن لە پیشاندان ، خۆ ئاشنایی لەگەڵ گشت بەشداران لە پێناوی ڕەخنەی ڕاستەقینە زۆر پیرۆزە نەك بۆ گەیشتنە خاڵە لاوازەکانی بەرهەم کەوا هیچ بەرهەمێك بەبیّ کەمو کوڕی نابێت ، هەر بەرهەمێکیش حیساب بۆ مێژووی نووسینەوەو وەختی پیشاندانی دەکریّ هەر وەها ئایا دەستکاری لەگەڵ بەرهەمەکە کراوە یا ئامادە کراوەتەوە یا وەرگێڕاوە یا وەرگیراوە یامونتاجو «تماس» کراوە . .

جەوهەری ڕەخنە لە بوونی ڕیبازە گەرچی ڕەخنە تایبەتە بە فرمانو جوولانەوەی ناوەڕۆكو پەیوەندی یەکانی ئینجا لەبەر ڕۆشنایی هۆیەکانی گشتی و تایبەت بە پیشاندانی شانۆنامەکە بەگوێرەی هەر سیّ مەوداکانی زەمانە ڕەخنەگر دەوری خۆی دەبینیّ لەبەرچی ئەو دەقە نووسراوەتەوەو کەی ؟ ! کەی نیشاندراو لە بەرچی و بۆچی و چی ی بەخشی و چۆن ؟ ! ! پێویستە ڕەخنە وڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە لە شێوەی موعادەلەی نێوان شانۆو جەماوەرو واقع . ڕخنەی «تطبیق» خاڵ دانان نیە بۆ پێداویستەکانی شانۆو چەند دیاردەیەکی نواندن یانووسینی کورتە باسێکی پیشاندان کە دووبارە کردنەوەیەکی ئەدەبی یە یاچەند تیبینی یەکی سەرپیّ ی دەربارەی تەشکیلاتی شانۆیی و باری بەرایی سەرەکی «الوضعیة الأساسیة»و باری بەرایی دیارکردن «الوضعیة الأستهلالیة» یا دووا تابلۆی لەمەودا هەلکێشراو یارشت کردنی فلانو فیسکە لە



١٩ صلاح الدين الايوبي ١٩٣٠/مارت

بەشداران‌و ڕەخنەش کارێکی ئەرشیفی‌نیە بەڵام پەنا بردنە بەر ئەرشیف بۆ ڕۆن کردنەوە کارێکی ڕەوایە .

ڕەخنە تیشك دەخاتە سەر لایەنە هەرە گرنگەکانی دراماو ئەو باسا تایبەتی‌یانەی کەوا بوونەتە هەوێنی ڕووداو ڕووداوەکان‌و باری گشتیان‌و چۆنێتی کارتێکردنی فرمان‌و جوولانەوە لە گۆڕینی هەمان باری گشتی ، چونکە دراما بارێکی ڕابووردووی ڕووداو یا دەشێ ڕووبدات دروست دەکات‌و دووریش‌نیە ڕووبداتەوە [7] .

هەندێ لە ئاکادیمیەکان دەیانەوێ ڕەخنە تەنیا لە شێوە بدوێ چونکە ناوەرۆك بۆ بینەرانە ! ! ! ، لە ڕەخنەدا چ شێوە بە تەنیا وەردەگیرێ چ ناوەرۆك . دەبێ شێوە چی‌بێت ؟ ! ! «نواندن – دیکور – جل‌و بەرگ‌و ئەکسسوارو موسیقاو ڕووناکی‌و کارتێکردنەکانی دەنگ» [8] هەروەها جۆرەکانی شانۆ کۆن‌بێت یا هاوچاخ کە لە خزمەتی ناوەرۆکن‌و ناوەرۆکیش دەیان هێنێتە کایەوە ، ناوەرۆك چی‌یە ؟ : «هەڵوێست‌و ویست‌و بە یەك‌چوون‌و بە یەك‌نەچوونی جەمسەرەکانی فرمان‌و بزووتنەوە لە پەیوەندی‌یەکانی جوراو جۆری باری دراماو جەوی گشتی‌و تایبەتی ئەیدیۆلۆژیای پێشاندان‌و شانۆ نامە بە دەری دەخات‌و گرنگترین خاڵ‌و سەر بە نووسەرن» بەڵام مەسەلەکە هەر ئەوەندە نیە ، شێوەو ناوەرۆك لە گشت جۆرەکانی ئەدەب‌و هونەردا ناگۆڕێن تەنیا لە هونەری شانۆیی نەبێت ، بە هۆی تێپەڕبوونی شانۆمە بە چەند دۆخێکدا هەر وەکو باسمان‌کردو هیچ پێشاندانێکیش خۆی دووبارە ناکاتەوە نەك لە لایەن دوو دەرهێنەر بەڵکو لە لایەن‌یەك دەرهێنەریش ئەگەر هات‌و دوو جار تاکە شانۆگەری‌یەکی دەرهێنا ، بۆیە ئەو گۆڕان‌و گۆڕانکاری‌یە حەق‌و حیسابێکی بۆ دەکرێ‌و کار دەکاتە سەر ناوەرۆك گەرچی ناوەرۆك دەتوانێ خۆی بپارێزێ هەر لەبەر ئەوەشە خوێندنەوەی دەق‌و کارتی ناساندن‌و ئامادەبوون لە پرۆڤەکاندا بەس نیە لە بۆ ڕەخنەی تطبیق . دەرهێنەرو ئەکتەران دەتوانن بە جۆرەها شێواز کاربکەنە سەر ناوەرۆك بە هۆی توخم‌و بنچینەکانی سەرپەیاساکانی دەرهێنان‌و نواندن ، سەرەرای ئەوە ناوەرۆك هەر ساغەی خۆی بە دەردەخات بە ڕێگای کەسەکان‌و پەیوەندی‌یەکان‌و هەردوو پروازی کات‌و شوێن . .

هەرچەندە ڕەخنەی کوردی شێوەی نەخستوتە پشت گوێ‌و تای تەرازووی بەرەو ناوەرۆك لاربۆتەوە زۆران نموونەی سەرکەوتوومان هەیە کە وەك سەرەداوێك خەریکە بنەمایەك لە بیستەکاندا بهۆنێتەوەو بوونێك بداتە خۆی لە سی‌یەکانداو ڕێچکەیەکی ڕەخنەیی دروست‌بکات لە هەفتاکان‌و هەشتاکانداو ئاسۆیەکی فراوانتر بەرخۆی‌و هەڵکشی‌و لە ناخی موعادەلەی نێوان شانۆو بینەران ڕێبازێ لە لای ئەم‌و ئەو بنوێنێ .

نەبوونی ڕۆژنامەیەك‌و گۆڤارێکی هونەری کە ئاواتی شانۆو ڕەخنەی شانۆیی کێشاوە . یەکەم ڕەخنەگری شانۆیی نەمر «حسین ناظم» لە «ژیان»ی ژمارە «٧٦ی ١٢ ئابی ساڵی ١٩٢٧» لە شانۆیی «نیرۆن» دەدوێ کە لەنووسینی محمد لطفي جمعەی میسری‌یەو هەر ئەو دەقەش هاتووتە عیراق ، زیرەکانە لە ناوی جێگاو مێژووی تاقە شەوی پێشاندانەکە دەدوێ کە لە (٢٨/٢٧)ی مانگی تەمموزی ١٩٢٧ بووە ، باسی گرنگی هونەری شانۆیی دەکات‌و ناوی دەرهێنەرو وەرگێر ناهێنێ لە بەر ئەوەی بەرهەمەکە بە کۆمەکی نیشاندراوە ، وەختی خۆی ، هەندێ لە مەکتەبەکان بەو گیانە پیرۆزە کارەکانی شانۆییان ڕادەپەڕاند ، ڕەخنەگر تەنیا ناوی یارمەتی دانی تاخمێکی قوتابی کورد دێنێ ئەمەش خۆماڵی‌یەکی تەواوی ئەو تاق‌کردنەوەیەی کۆمەڵەی زانستی نیشان دەدات «حسین ناظم»ی نەمر کە ئەو بەرهەمە بەیەکەم بەرهەم دادەنێ مەبەستی لە یەکەم بەرهەمی کۆمەڵەی زانستی‌یە نەك شانۆی کوردی .

«لاوەکانمان لە گەڵ ئەمەی لە فەنی تەمسیلدا ئەوەل

هەنگاوە ئەیهاون دیسان شایان تقدیرو تزکارن» هەروەها دەبینین دەست‌نیشانی پیشاندەران دەکاتو دەلێت «لە تەرەف هەیئەتی تەعلیمی مەکتەبی ئەوەلیو قوتابی‌یەکانی بەغدامانەوە لە ژێر شەرائیتو پروغرامێك تەرتیبو ئیجراکرا» لە رادەی شارەزایی‌و دلسۆزی بینەران دەدویٚ «لە ری‌ی خزمەتی معارف‌دا بۆ ئەشرافو ریجالی مەملەکەتو هەموو موحیبیانو تەرافدارانی عیلمو معارف بە کەمالی شەوقو شەتارەتەوە ئیجابەتیان‌کردبووو گردبیونەوە» ئەمە بەلگەی بوونی دابو نەریتی شانۆیی‌یەو بوونی هەستی هونەری‌و ناسینی شانۆیە ، گەر پارە دانێکیش هەبوویی لە بۆ ئەکتەران نەبووە کە زوربەیان مامۆستابوون بەلکو بۆ قوتابخانەکان‌بووە تابتوانری پێویستو چالاکی‌یەکانیان جی‌بەجی‌بکەن . گەر لەو پارەیەش یارمەتی قوتابی‌یەکی هەژار بدرابوایە ئەمەش کارێکی مرۆڤایەتی‌یە ، وەختی خۆی مامۆستاکانیش بەم جۆرە شتانە هەلدەستانو قوتابخانەکان «سندووقی یارمەتی قوتابی‌یە هەژارەکان»ی هەبووو هونەرمەندانی پێشوومان سەرەرای پارەدانو پارەکۆکردنەوە بۆ جموجۆلەکانی هونەری تووشی زۆران جۆرە چەرمەسەریش دەهاتن .

رەخنەگرمان باسی نویشکی شانۆیی‌یەکە دەکات :— ئەسلی تەمسیلەکە بە پێنج پەردەی زولمو ئیستبدادی بی ئەندازەی قەیسەری رومی مەشهور ئیمپراتۆر «نیرۆن» تەسویر . . .) دەکاو ناوی کەسەکانو کردەوەکانیان دێنی‌و پەردە بە پەردە هێلی سەرەکی رووداوەکان ناپسێنی‌و رشتەی دراماکە تەشخیس دەکا بە تەواوی کە درامایەکی مێژوویی‌و ئەخلاقی‌یە لە بەرگێکی ماساوی‌داو دووا جاریش رای خۆی دەردەبری :— ئەم تەمسیلە بۆ ئەوانەی کە میقرۆبی ئیستبدادی‌و فیکری زولمو تەحەکومیان لە کەللەدایە جیدەن دەرسێکی ئەخلاقو عیبرەتێکی تأریخی‌بوو» هەروەها بۆ ئەو تەمسیلە خومالی‌یانەی کەوا لە پاش پیشاندانی «نیرۆن» دیتراون ووشەی «دراما»ی بەکار هێناوە هەمیشە داوای هاندانو ریزگرتنی پێشکەش‌کەرانی شانۆگەری‌یەکەی کردووە :— «لە ری‌ی تەعالی‌و تەرەقی معارفدا سەعی‌و کۆششی تەعلیمیەو لاوەکانمان بە تقدیر لەم فەنەدا دەست درێژیان تزکارکەین» ئەمەش بەلگەی بوونی گردبوو نەوەیەکی شانۆیی‌یە لە نێوان قوتابخانەکانو کۆمەلەی زانستی هەروەکو «حسین ناظم» بۆمانی رۆن‌کردۆتەوە کە هیچ وەختێ دیاردەی گردبوونەوەی شانۆیی «التجمع المسرحي» لە کت‌وپری سەری هەلنەداوە بەبی خەلقی‌یەتێکی درامی بۆیە هەرەکۆنترین شانۆیی شانۆی قوتابخانەکان نابنە سەرەتاو لە پر بەدەر نەکەوتوونو بە نموونەی شانۆیی کاملو سەرکەوتوو دەژمێردرێنو لە تەك شانۆی میللی «مدارس»ە ئاینی‌یەکانی کوردستان کاتی ئیجازە دانە فەقێ‌یەکان هەر سالی بە هەردووکیان دێراوێکی سەرەکی درامان لە گەل شانۆی میللی میهرەجانەکان لە بەهاراندا و شانۆی فرەچەشنی تیپە گەرۆکەکانو نیشتەجێ‌یەکان لە خانو کاروان سەراکانو چایخانەکان بە گشتی سەرچاوەکانی شانۆی نوی‌ی کوردن[9] . .

«هەرە کۆنترین بەرهەمی تاقی کراوەو پیشاندانێکی خۆمالی‌ی شانۆی کوردی «مکتب»ە کان لە کوردستانی عیراقدا لە لایەن ئیمەوە دۆزراوەتەوەو بلاوکراوەتەوە کە «لیژنەی فەنو تەمسیل»[10]ی قوتابخانەی یەکەمی هەولێر لە پایزی سالی ١٩٢١ پیش‌کەشی کردووە ، ئەوسا لە بەرامبەری مزگەوتی خانەقا بووەو دەرگایەکەشی دەیروانیە رۆژئاواو پیشێشی چایخانەی «عبو» بووەو هەردوولاشی تێخانەو «جووت حمام» بووەو مامۆستاکانیشی لە سەرەتای بیستەکان چەند «مدرس»ی ئاینی‌و حمدی نادرو صالح بۆلشەوی‌و محمود ندیم‌بوون هەرە کۆنترینیان «احمد ناجی ئەفەندی» نەمر بووە کە لە سالی ١٩١٩ لە زاخۆوە نەقل کراوەتە هەولێرو دەرچووی «دار المعلمین ئیبتدائیسی»ی شاری موصل بووە لە سالی ١٩١٤ زوربەی قوتابیانی کورد لە دەرچوانی قوتابخانەی «رشدیە یا «مدارس»ە ئاینی‌یەکانی باوڕپی‌کراو لە بۆ خوێندنی بالا دەچوونە ئەو خانەیەو «حقوق کولییەسی»ی شاری موصل . .

لیژنەی ناوبراوی قوتابخانەی یەکەمی هەولێر لە پایزی ساڵی ١٩٢١ شانۆیی «سەلاحەدین ئەیوبی»ی بۆ چەند رۆژ پێشکەش کرد لە پاش هەولێکی زۆر سەخت هەر ناوی ئەو چەند ئەکتەرانەمان دۆزیتەوە «عبداللە عزیز کارگەچی غریب سلیم ، حسام‌الدین یحی . عبدالمطلب سید جمیل ، علی أدیب) خەڵکێکی زۆر لە باوکانی قوتابیانو پیاوە دیارو ناسراوەکانو هونەر دوستان ئامادەبوون ، ئێوارەی رۆژی یەکەم «شەربەت» دابەش‌کرایە سەر بینەرانو ئەهلی بازارو زۆران کەس لە سەر شوورەی قوتابخانە دانیشتبوونو زۆران بینەری گەورەو بچوکو قوتابیان چەند ووتو ێژیکی سەلاحەدینیان ئەزبەر کردبووو ببوە سروودی زارەکی . دەقەکەی سەلاحەدین ئەیوبی لە نووسینی «نجیب حداد»ە لە پێنج پەردەی پەخشانو شیعری پێك هاتووەو لە شانۆگەری (LeTalisman)ی «ولتر سکۆت» وەرگیراوەو هەر هەمان شانۆنامەی لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٣٠ لە دەرهێنانی مامۆستا عبدالمجید حسن» دووبارە کراوەتەوە هەر ئەو شانۆیی‌یە لە ساڵی ١٩٣٩ کە تازە جەنگی جیهانی دووەم دەستی پی‌کردبوو دیسان لە هەولێر «دانیال قصاب» دەری هێناو لە ساڵی ١٩٣٥ لە کۆیێ نوێنرا . .

ئەوەی شایانی باسە لە ساڵی ١٩٨٣و ١٩٨٤ شەش حەوت شانۆیی ترمان دۆزی‌یەوە بە بەڵگەو ناوی «میری دیل»ە لە ساڵی ١٩٠٥ پێش‌کەش‌کراوەو ئەوی تریان هەر لە پایزی ساڵی ١٩٢١داو دەقەکەشی لە لامانە جارێ ماوەی باس‌کردنیان نیە» .

لە «ژیان»ی ژمارە ٢٣٢ ، ٢٣٣ ی ساڵی ١٩٣٠ بە هەستو نەستێکی رەخنەیی «حسین ناظم»ی نەمر خاڵەکانی پرۆگرامی خۆپیشاندانێکی شانۆی قوتابخانەی زانستی کچان بلاودەکاتەوە کە لە سیانزدە خاڵ پێك هاتووەو بینەرانیش هەر ئافرەت‌بوون دوو رۆژیشی پێ چووەو بە ووتاری هاندەر بۆ خزمەتی عیلمو هونەرو سروودو هەڵبەستی کوردیو عارەبیو تورکیو ئینگلیزی رازاوەتەوەو « ئەو تەمسیلانە کە کردیان دوان‌بوونو ئەمانە هەمووی لە تەرەف قوتابیە کچەکانەوەو مودیرەو موعەلیمە موحتەرەمەکانی مەکتەبەوە ئیجرا کرا» بە یارمەتی مێژوو نووس «أحمد خواجە» هەر ئەوەندە ناومان بۆ ساغ کرایەوە (بدریە خانم ، فاطمة خان ، زارا خان ، حفصە عرفان ، نزیهە طالب شفیقە سعید ، هەروەها هونەرمەند فؤاد رشید بکر یارمەتی بەرێوەبەرایەتی داوە لە ئامادەکردنی دوو تەمسیلکە» یەکەمیان دوو پەردەی پەخشان بووەو پەردەیێکیشی شیعر بە ناوی «ئینسان ئەوەی ئەچینێ ئەوە ئەدوورێتەوە»

ئەم دراما کوردی‌یە بە درامای فێرکردەو ئامۆژگاری کۆمەلایتی دەژمێردرێو رکەی چینایەتیشی تێدایە مورکی مەرگەساتی پێوەیە ، کەسەکان دوو دایكو چوار منداڵن ، ئەکسسوار کتێبو ماکینەی دورمانو کەرەستەی جل‌شووشتنو چەقۆو جلو بەرگی کوردەواری‌یە . شانۆیی دووەم هەمووی بە شیعر نووسراوەتەوەو لە سێ پەردە پێك هاتووەو ناو نیشانیشی (دایکێکی جاهیل)ە ئەمەش دەچێتە خانەی درامای خێزانو چارەسەری بیرو باوری پرو پووچ دەکات لە نێوان دایکان لە پەروەردەکردنی منداڵدا کەسەکان دایکی جاهیلو منداڵو کۆمبارسو دختورە ئێکسسوار بێشکەو خشخاشو کەلو پەلی پزیشکیو بووکە شووشە لە جیاتی منداڵ چونکە لە خاڵی حەوتەمی ئاهەنگەکە بووکە شووشە بەکار هێنراوە . نووسەری ووتار دەڵیت :– حەقیقەتەن شیعرەکانی زۆر جوانو مەحزونانەیە» . .

هەروەها لە ژمارە ٤٢٦ی ساڵی ١٩٣٥دا باسی شانۆیی «الجندی الباسل – سەربازی ئازا» دەکرێ کە لە نووسینی نووسەری عیراق «رمزی القطان»ەو لە رۆژنامەی «ژین»ی ژمارە ٤٦٢ی سالی ١٩٣٥ رەخنەگرانە «پیرە میرد»ی نەمر نەورۆزی ساڵی ١٩٣٤ی بەر گوێژە بە شانۆیی لاوانی زانستی «مەمو زین» دەبەستێتەوە کە لە ساڵی ١٩٣٥ نوێنراوەو دەڵێت :– بۆ ئەم جەژنی رەمەزانە تەمسیلی «مەمو زین»ە چووینە پراوەی پیەسەکەیان ئەتوانین بڵێین هێشتا لەم شارەدا تەمسیلی

واریك‌وینك نه‌كراوه) یا ده‌ڵێت :- وه ئه‌سڵی پیه‌سی پیره‌مێردیشیان ته‌صحیح كردووه» لێره‌دا ده‌بینین پیره‌مێرد چووته پرۆڤه‌و به‌راووردیشی كردووه له نێوان ده‌ق‌و چۆنێتی راهێنانی له پرۆڤه‌دا وادیاره ده‌ستكاری ده‌قه‌كه كراوه .

پیره‌مێردی نه‌مر رۆژی پیشاندان ئاگای له بینه‌ره‌كانیش ده‌بێ‌و ده‌ڵێت :- دوو كه‌سی ده‌وڵه‌مه‌ند خۆیان جیا كردەوه ، ره‌شۆڵ پاره‌ی بیتاقه‌ی هه‌ردووكیانی‌دا له جێ‌ی هه‌ردووكیان دانیشت ، له‌سه‌ری نارۆین تێ به‌ره‌و بایه . !» یا ده‌ڵێت :- هه‌ركه‌س بێت‌و به‌زه‌وقێكی روحانی ده‌ماغی په‌رورده ئه‌بێ وه هه‌ر پاره‌یه‌كیش بیبدا بۆ زانستی خۆمانه‌و وه له‌ناو خۆماندا ده‌مینێته‌وه ، ئینجا لام وایه هه‌رچی بۆ ئه‌م داوه‌ته نه‌یێت ئیمانی میللی به قه‌ده‌ر ئاله ده‌زوی‌كه» «پیره‌مێرد»ی نه‌مر له‌به‌ر پرتوانایی ئه‌كته‌رانی كورد به «حق شبلی»ی نه‌مر ده‌یانشبهێنێ‌و باسی داهێنانیان ده‌كات وادیاره شانۆیی‌یه‌كانی مامۆستا «حق شبلی»ی له سلێمانی‌دا دیو كه « له ساڵی ۱۹۸٤ كاك مغدید حاجیشم له گه‌ڵدابوو چوومه لای مامۆستا «حق شبلی» له نیقابه‌ی مه‌ركه‌زی ئه‌و زانیاری یانه‌ی كه كۆم كردبووه‌وه به ووردی مامۆستا «حق شبلی» بۆمی دووپات كرده‌وه‌وه ناوی گشت شانۆگه‌ری‌یه‌كانم ساغ كرده‌وه‌و مامۆستا گوتی :- ڕاسته دوو جار هاتوومه‌ته باكووری وولات ، وه‌ختی خۆی من سێ گه‌شتی هونه‌ریم كردووه له ساڵی ۱۹۲۸ چوومه‌ته خوارووی عیراق بۆ «به‌سره»و له ساڵی ۱۹۲۹ سه‌رووی نیشتمان‌و هه‌رچوار شارم‌كرد جاری سێ‌یه‌م گه‌شتێكی گشتیم كردو شاره‌كانی خواروو سه‌رووی عیراقم هه‌مووكرد ، له هاتنی ساڵی ۱۹۲۹ هه‌ر سێ رۆژم پێ‌چوو هه‌ر رۆژێكیش جۆره شانۆیی‌یه‌كه‌م نیشانداو هه‌ر به خۆشم ده‌وری سه‌ره‌كی‌و ده‌رهێنه‌ری شانۆگه‌ری‌یه‌كان‌بووم‌و ناوی تیپه‌كه‌شمان تیپی نواندنی «مدرسة التفیض الأهلیة» بوو كه خۆم له گه‌شته‌كدا سه‌رۆكی‌بووم‌و ئه‌و تیپه‌ش له ساڵی ۱۹۲٤ه‌وه له به‌غدا دامه‌زرابوو . به‌ڵام له هاتنه‌وه‌ی جاری دووه‌مم هه‌ر بۆ شاری موصل‌و هه‌ولێرو كركوك‌و سلێمانی هه‌شت رۆژمامه‌وه‌و هه‌شت شانۆیی جیا جیام ده‌رهێناو پێش‌كه‌شم‌كردن هه‌روه‌كو جاری یه‌كه‌م ، ئه‌م گه‌شته‌م له سه‌ره‌تای ساڵی ۱۹۳۲بوو به‌ڵام تیپه‌كه‌مان ناوی «تیپی حق‌و بشاره» بوو ژماره‌ی ئه‌ندامه‌كانی «٤٥» كه‌س ده‌بوون ، كه له لایه‌ن خۆم هونه‌رمه‌ندی لوبنانی به‌ناوبانگ «بشاره واكیم» كه ئه‌وسا له شاری به‌غدابوو داوای ئیجازه دانی ئه‌و تیپه‌مان‌كرد له كۆتایی ساڵی ۱۹۳۱ مۆڵه‌ت درا به ناوی هه‌ردووكمان بۆیه ناوی تیپه‌كه‌مان به ناوی هه‌ردووكمانه‌وه ناونرا هه‌روه‌ها ده‌رباره‌ی دوو هونه‌رمه‌ندی كورد «مدیحه سعیدو مدحت سعید» زۆر به په‌روشی‌یه‌وه له تواناو ره‌وشت چاكی ئه‌و خوشك برایه دوا كه خه‌ڵكی پاریزگای سلێمانین وگوتی :-

زۆر ئیشیان له گه‌ڵمدا كردووه‌و له بیسته‌كانه‌وه‌و له ساڵی ۱۹۲۸ پێكه‌وه چوینه «بصره» به‌س له هاتنی دووه‌ممدا بۆ باكووری وولات هه‌ر دووكیانم له گه‌ڵدابوو بێجگه له ئافره‌تێكی‌تر كه لوبنانی‌بوو ناویشی «ڤیره طنوس» بوو له‌گه‌ڵ «بشاره واكیم»و «عبداللطیف المصری» . .

«مدیحه سعید» زۆر به‌كه‌ڵكی تیپه‌كانمان ده‌هات له به‌غدا كچێكی به ئابروو مه‌ردانه‌بوو به عه‌باو پێچه له گه‌ڵ براكه‌ی مدحت سعید ده‌هاته پرۆڤه‌كان‌و پیشاندانه‌كان‌و پێكه‌وه‌ش ده‌چوونه‌وه هه‌ر جارێ .

كه سه‌ره دێرێكی ووت‌وێژی «سه‌لاحه‌دین ئه‌یوبی»م بۆ خوێنده‌وه مامۆستای نه‌مر «حق شبلی» ته‌واوی كردو گوتی :- ڕاسته له هه‌ر دوو جاری هاتنمان له ساڵی ۱۹۲۹و له ساڵی ۱۹۳۲ ئه‌و شانۆگه‌ری‌یه‌ی «سه‌لاحه‌دین ئه‌یوبی» مان نیشاندا . ده‌رباره‌ی یه‌كه‌م تاخمی ده‌رچووی به‌شی نواندن له په‌یمانگای به‌غدا گوتی :- «سمكۆ عزیزو» «برهان مصرف» بوون له ساڵی ۱۹۵۹دا . .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه «حاجی باقی به‌نگینه» له ژماره ۵۱۳ی ساڵی ۱۹۳۷ له رۆژنامه‌ی «ژیان»دا دوو درامای كوردی به شیعر هه‌ڵده‌سه‌نگێنێ یه‌كه‌میان «محمود ئاغای (شیوه‌كه‌ڵ)»ه دووه‌میان

«فەقێ ئەحمدی دارەشمانە» و شیعرەکەش بیست دێرە. هەروەها لە سەرەتای سی یەکان (زیوەر)ی شاعیر لە «فەنی تەمسیل»و شانۆ بە شیعر دەدوێ. شیعری «فەنی تەمسیل»ی زیوەر کاتی پیشاندانی شانۆیی «سەلاحەدین ئەیوبی» لە دەرهێنانی عبدالرحمان شرف لە کۆیەو لە ۱۹۳۵/۱/۱۳ هەموو رۆژێك لە لایەن هونەرمەند «عثمان حسن قادر» بە دەنگ بۆ بینەران دەخوێندرایەوە هەرچەندە ئەم شیعرەی «زیوەر» مان لە ساڵی ۱۹۸۳ لە لابوو بەڵام لەبەر ئەوەی لە بەرگی دووەمی «دەروازەی دراما»ی مامۆستا احمد سالاردا بڵاوکرایەوە بۆیە دووبارەی ناکەینەوە..

بە گوێرەی توانا لە ژمارە ۱۳۳۷ی ساڵی ۱۹۵۷ لە ژێر چاودێری ڕەخنەگر «نوری وەشتی» گۆشەیەکی قەشەنگ بە ناوی «سینەماو شانۆ» بۆ یەکەم جار لەسەر لاپەرەکانی «ژین» دەکرێتەوەو لە ژمارە ۱۳۳۹دا ووتارێکی شانۆیی ووشیار بە ناوی «شانۆ قوتابخانەی گەلە» بە پێنووسی «رفیق چالاك» بڵاو دەکرێتەوەو لە گۆشەی داهاتوودا «نوری وەشتی» لە «شانۆ بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵیکی تێگەیشتووە» بۆ چوونی تیئوری دەشکێنێ، بەڵام لە ژمارە (۱۳٤۱»ی هەمان ساڵ بە ڕەخنەیەکی بروسکەیی «خوولە» ناوێك لە فرمانو بزووتنەوەی شانۆگەری «خۆم بە خۆم کرد» دەدوێ کە لە نووسینو دەرهێنانی چیروك نووس» مصطفى صالح کریم)ە لە ژمارە (۱۳٤۳» هونەرمەند «رفیق چالاكو نوری وەشتیو وانور توفی» بە هەرسێکیان کورتە ڕەخنەیەك لە شانۆیی «بازرگانی ڤینیسیا»ی شکسپیر دەگرن. لە ژمارە «۱۳٤٤» بەرێز مصطفى صالح کریم ڕەخنەگرانەو بەخێرایی لە چۆنێتی پێشکەش کردنی «پیسکەی تەرپیر»و «تاوانو تۆڵە» دەدوێ، کەچی لە ژمارە (۱۳٤٦ی ساڵی ۱۹۵۷) تووشی سەرەداوێکی چەند تبینی یەکی ڕەخنەییو بایەخ دانە هونەری سینەما دەبین «عوسمان عوزیری» لە هونەری سینەما دەدوێو داوا دەکا لە بینەران رووبکەنە فیلمە کۆمەڵایەتی یەکان. هەروەها «نوری وەشتی» زۆر زیرەکانە بارو دۆخی ئەوسای کورد بەستیو تەسکی مەیدانی هونەری کوردیو سینەما بەیەکتر دەبەستێتەوەو داوای جموجۆڵو هەوڵدان دەکات لەم بوارەدا. هەر لەم گۆشەیەشدا دواوا دەکرێت ناوی فیلمەکان بە کوردی بنووسرێن. لە ژمارە ۱۳٤۸ مامۆستا مصطفى صالح کریم بە کورتی لە فیلمی «ژیان.. دڵداری» دەدوێ کە لە دەر هێنانی «سیف‌الدین شوکت»ی میسری یە. بەڵام نوری وەشتی زیاتر فیلمی «باغی خراپە» هەڵدەسەنگێنێو زور بە جوانی وەسفی وەفاداری «سوزان هیوارد» دەکات کە دەڵێت: — سوزان هیوارد خاوەن لووتی رۆمانی تەمسیلی ژنێکی دەربەدەری مێرد کلۆڵی ئەکرد بە هیچ جۆرێ تامێردەکەی ما دڵی بە کەسی تر نەداو زەردەخەنە لە سەرلێوی نەبینرا»..

ئەم چەند نموونانەو زۆرانی تر کە لە سەر لاپەرەی رۆژنامەکانی کوردی وەك «ژیانو ژینو رۆناهیو هەتاوو شەفەق.. هتد بەڵگەی ڕەسەنی توانا و شارەزاییو ئارەزووی هونەرمەندو نووسەری کورد لە بواری هونەرو ئەدەبی درامیو ڕەخنە نیشان دەدەنو دابو نەریتی شانۆیی کورد دەخەنە روو بەڕای من هەندێ لە نووسینەکانمان تائێستا بازنەی ئەم جۆرە نموونانەی باسکراویان هێشتا نەشکاندوە.

ڕەخنەی شانۆیی هەستو نەستو بەهرەو چێژو زانستی یە گەر باری رۆژگاری پێشوومان کەمێك شیاوو لەبار بووایە ئەم بنەماو ڕیچکانە زۆران تەوژمو لێکوڵینەوەی ڕەخنەیی دەخوڵقاند، ئەو ڕیچکە ڕەخنەییانەش گەرچی جاروبار دەپچران بەڵام شانۆی کوردی بەردەوام خاوەنی ڕەخنەی زارەکی بووە کە ئەویش بنەمای ڕەخنەی نووسراوە. جاران بەشدارانی شانۆگەری یەکان لە پاش پێش کەش کردنی بەرهەمەکانیان تێکەڵ بە بینەران دەبوونو گوێیان بۆ تێبینیو پێشنیارەکانیان شل دەکرد. جەماوەرو زۆران هونەر دۆستو رۆشنبیر لە پاش ئەوەی کە پیرۆز باییان لە ئەکتەرانو دەرهێنەران دەکرد برایانە ڕەخنەکانیان ئاراستە دەکردنو هەر دوولا زۆر

چاك دەیانزانی شانۆ قوتابخانەی گەلەو شانۆ پێگەیاندنی کۆمەڵێکی تێگەیشتووە . .

**سەرچاوەو پەراوێزەکان**

١ – فرید وبتلی فن المسرحیة ص ١٦ و ١٧

٢ – الر رایس المسرح الحی ص ٣٤ و ٣٥

٣ – کمال ممدوح حمدی ترجمە – میدیا – یوریبدس « مجلة الاقلام العدد -٥- السنة ١٩٧٣

٤ – مارتن أسلن تشریح الدراما ص ٧٩

٥ – محمد زکی العشماوی دراسات في النقد المسرحی ص ١٨

٦ – أشلی دیوکس الدراما ترجمە محمد خیری ص ١– ١٤٦

٧ – جمیل نصیف الدکتور ترجمە – نظریە الأدب ص ٥٦٥

٨ – نجیب سرور حوار في المسرح ص ٢٥–٣٥

٩ – محمد تیمور مێژووی شانۆی کوردی – دەستنوس

١٠ – محمد تیمور خانزادو کەلەپوری شانۆو مێژوو گۆڤاری ئۆتونومی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٨٤ وسێ ئەلقەی تۆمارکراوی تەلەفزیونی گۆڤاری هونەر – گۆشەی شانۆ

١١ – کمال مظهر أحمد الدکتور تێگەیشتنی راستی لاپەرە «٩٥»

١٢ – حمەکریم هەورامی ڤاڵچی – پێشەکی – ١٩٧٣

١٣ – سعد أردش المخرج في المسرح المعاصر ص ٣٢٩

١٤ – چاوپێکەوتنی چوار کەس کە شانۆیی ساڵی ١٩٢١یان دیوە لە گەڵ دوو ئەکتەری شانۆیی ساڵی ١٩٠٥ لە ساڵی ١٩٨٤و ١٩٨٥

١٥ – چاوپێکەوتنێك لە گەڵ هونەرمەند فؤاد رشید بکر بە ئامادە بوونی هونەرمەند کاوە احمد میرزاو جلیل زەنگەنە لە ساڵی ١٩٨٥ لە ماڵی هونەرمەندی ناوبراو مامۆستا فؤاد گوتی :–

من لە بنەماڵەیەکی کوردم . لە کەرکوکەوە هاتووینە سلێمانی ، لە ساڵی ١٩٠٧ لە دایك بووم . ساڵی لە دایك بوونم کردە ١٩٠٥ تا تەمەنم گەورەبێ‌و دابمەزرێنرێم لە مامۆستایەتی کە شانۆیی «لولا المحامی– علیمو جهل» مان پێشکەش‌کرد نەماندەزانی دەقەکە چۆن پێشکەش بکەین ، دەمانویست سەکۆکە بکەینە بەش بەش‌و لەسەر هەر بەشێکیدا پەردەکان بەجیا جیا بە گوێرەی چۆنێتی شێوەی دەقەکە پێشکەشیان بکەین باش بوو «محمود جودەت»ی نەمر دوو رادەری بە هانامانەوە گەیشتن‌و گوتیان ئەوە ئێوە خەریکن چی بکەن ؟ ئێمەیان زۆر چاك تێ‌گەیاند کەوا سەکۆ کەرت ناکرێت‌و فێری هات‌و چۆو بەستنەوەی پەردەکانی شانۆیی‌یەکەیان کردین . من لە منداڵی‌یەوە زۆر حەزم لە لاسایی‌کردنەوە دەکردو ئەچوومە ئاهەنگەکانی مزگەوتەکان‌و زۆر حەزم لە تەمسیلی مەلاکان ئەکردو کاریان تێ‌ئەکردم . ئەو شمشێرەی کە نووکی – بە ئاسنەم بەسەربڕۆی «جواد رسول ناجی» کەوت لە «نیرون»ی رەواندووز شمشێرەکی راستەقینەی کۆنی زۆر قورس بوو لە ماڵی سمایل بەگی رەواندووزی هێنابوومان‌و لە دار دروست نەکرابوو . زۆران کەس هاتوونەتە لام بەس تۆ شارەزاتری‌و زۆر شت بە یادم هێنایەوە . راستە لە پێشاندانی «نیرۆن» من لە بارێکی ئاسایی نەبووم ئێمە هەموومان گوتمان «جواد رسول» ئەمرێ چونکە خوێنی بڕینی نە ئەوەستا . من باسی چۆنێتی بینەرانم بەم جۆرە لە لای کەس نەکردووە کە تۆ بۆمی دەگێڕیتەوەو بۆ کەسیش مێژووی پێشاندانم دیاری نەکردووە . . ئەواوە لە ساڵی خوێندنی ١٩٣١/١٩٣٠ لە هەولێر بووم بەشداریم لە شانۆیی «سەلاحەدین ئەیوبی» کردووەو لە ساڵی خوێندنی ١٩٣٢/٩٣١ چووم بۆ رەواندوزو لە پاش شانۆگەری «نیرون» سید نظیف کۆیی‌و طاهر صادق‌و عبدالرحمان شرف نەقلی کۆیەو هەولێربوون . سمایل بەگ‌و رضا بەگ‌و حوزنی موکریانی لە شانۆیی «نیرۆن» ئامادە بوون تۆش دەڵێیت سمایل بەگ لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٣٣ کۆچی دوایی کردووە تەواوە (نیرۆن لە ساڵی ١٩٣٤ پێشکەش نەکراوەو قسەکانی مامۆستا طاهر صادق تەواوە .

١٥ – چاو پێ‌کەوتنی دووەم لە گەڵ هەمان هونەرمەند بە ئامادەبوونی کاك شیرزاد قادر هەینی‌و قسەی جارانی دوویات کردەوە کە لە ماڵی کورەکەی‌بووو چۆنێتی چیرۆکی «لولا المحامی – علیم و جەهل»ی بۆ گێڕامەوە هەر لە ساڵی ١٩٨٥ کە لە نووسینی «سعید تقی‌الدین اللبنانی»یەو لە گەڵ «نیرۆن»ی ساڵی ١٩٢٧ لە سلێمانی‌و گوتی :– دیکۆرمان نەبوو . .

١٦ – چاوپێکەوتنێك لە گەڵ مامۆستا شاکر فتاح لە هەولێر کە مامۆستا «کریم زەندی» لە گەڵ‌دابوو هەر وەها لە ساڵی ١٩٨٥ چوومە لای لە سلێمانی‌و بە ئامادە بوونی کاك شیرزاد قادر هەینی‌و گوتی :– بەڵێ وایە «نیرۆن» لە هاوینی ساڵی ١٩٢٧ نوێنراوە . وابزانم ژمارەیەکی «ژیان» باسی دەکات . چاڵەکەی حەوشی قوتابخانەی ئەوەلی بە شانی قوتابیان‌و یارمەتی مامۆستایان بە خۆڵ پڕ کرایەوەو هەر لە سەر چاڵەکە بە خۆڵ سەکۆی شانۆ دروست‌کراو چوار کۆڵەگە دار چەقێنراو بە قوماشی سادەی رەنگ بۆر هەرسێ لای گیراو سەریشی بە بەرەڵڵایی مایەوەو دیکۆریش نەبوو . .»

١٧ – چاوپێکەوتنێك لە گەڵ نەمر طاهر صادق لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ لە شاری کەرکووك‌و بە ئامادە بوونی کاك مهدی محمد محی‌الدین مامۆستا گوتی :– بەڵێ من «فارس» farce – یکم نووسی‌وەو لە گەڵ شانۆیی «نیرۆن» نیشاندراوە فەرموو ئەمەش وێنەی «نیرۆن»ە یا هەر پێشکەشت بێت لە پشتی وێنەکە رۆژی پێش کەش کردنی نووسراوە کە لە ١٩٣١/١٠/١٥ بووە . من لە ساڵی خوێندنی ١٩٣٢–١٩٣٣ نەقلی شاری کۆیێ کرابووم‌و لە رەواندووز نەمابووم . .

١٨ – چاوپێکەوتنێك لە گەڵ مێژوو نووس احمد خواجە لە ساڵی ١٩٨٥ بە ئامادە بوونی کاك شیرزاد قادر هەینی دەربارەی «یانەی کوردی» دیار بکرێ ساڵی ١٩٢٠و هەروەها دەربارەی «کۆمەڵەی گەنجانی کورد» دوایی کە لە سەرەتاکانی سی‌یەکاندا لە شاری پاریس لە فەرەنسەدا بەزمانی فەرەنسی شانۆیی «مەمی ئالان» یان پێشکەش‌کردووە مامۆستا احمد گوتی :– ئەوەی راستی بێت دەربارەی جموجوڵی هونەری ئەو کۆمەڵانە تا ئێستا هیچی لێ‌نازانم بەڵام دەربارەی «کۆمەڵەی لاوانی کورد» لە هەولێر قسەی تۆ راستە ئەو کۆمەڵەیە لە سەرەتادا بنکەکەی لە هەولێر دامەزرا لە ساڵی ١٩٢١و عبدالله عزیز کارگەچی‌و احمد

فخری سامی‌و عبدالله سامی که هەردووکیان خزمی یەکترین لە ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەیەبوون. ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکراوەیەکی دەستنوسی هەبوو جاروبار دەردەچووو پڕبوو لە ڕەخنەی توندو تیژوو داخوازی‌یەکانی میللی«.. ئەوەی شایانی باسە عبدالله عزیزو حسام‌الدین یحی‌و احمد فخری سامی کە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوونە بەشداریان لە «سەلاحەدین ئەیوبی ساڵی ۱۹۲۱ کردووە، هەروەها مامۆستا عبدالخالق قطب‌و محمد محمود قدسی‌و طاهر صادق‌و مصطفی خوشناوو سید نظیف کۆیی‌و خیرالله عبدالکریم‌و عبدالقادر احمد سامی‌و زۆرانی‌تر لەم کۆمەڵەیەدا بوون کە دەورێکی باڵای هەبووە لە ئامادەکردنی زۆران شانۆیی لە هەولێرو کۆیەو ڕەواندوز. ئەو کۆمەڵەیە لە بیستەکان‌و سی‌یەکاندا گەشەی سەندو لق‌و پۆپی دەرکرد تا لەناو قوتابیان بە تایبەتی لە شاری کۆیی‌و پاڵەوانی سەرەکی شانۆیی «کچی کوردستان» ناوی «لاوی کورد» بووە..

۱۹ – هەندێ سەرچاوە «تیپی نواندنی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بە یەکەم تیپی مۆڵەت دراو دادەنێن کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ۱۹۵۷ دامەزراوە. کەچی زۆران تیپ بەر لەو تیپە هەبووە. جارێ هەر ناوی «تیپی میللی»ی شاری کۆیێ دینین کە لە ساڵی ۱۹۵۳ دامەزراوە. هەروەها تیپی نمایشی کوردستان» کە لە مانگی ئاداری ساڵی ۱۹٤٥ لە شاری مهاباد دامەزراوەو کۆنە خانوویێکی بۆ ڕێك‌خراوکرا بە شانۆ لەو شەقامەی کە چایخانەیەکی بە ناوبانگی لێ‌بووو بە چایخانەی «کریم جوجو» دەناسرا. کاروباری نەوجەوانان سەر بە «علی خسرو» بووو چ جۆرە تیپێکی نواندنیان نەبووە. تەنیا مەشق‌و سروودو گۆرانی نەبێت «تیپی نمایشی کوردستان» توانی چەند شانۆیی ئامادە بکات‌و پیشانی بدات لەوانە «دایکی نیشتمان» لە ساڵی ۱۹٤٥و لە مهابادو سەقزو ناوچەی شنۆ پێش‌کەش‌کراو هەوڵی ئەوەشیان‌دا بچنە «سنە» بەس بۆیان‌نەکرا. زوربەی بەشدارانی ئەم شانۆیی‌یە منداڵ‌بوون بۆیە هەندێ واتێ دەگەن تیپەکەش ناوی نەوجەوان بووە!! «تیپی نمایشی کوردستان» لە ساڵی ۱۹٤٦ شانۆیی «شۆڕشی ئارارات»و «خنکاندنی دکتور فؤادەی پێش‌کەش‌کردووە. ئەم دراما کوردی‌یە مەبەست «دکتور فؤاد» لە ساڵی ۱۹۳۳ لە کۆیی‌و لە ساڵی ۱۹٤٥ لە «چەمچەماڵ» نوێنراوە هەر وەها درامای «نەرم – تابووت»ی گۆرەپانی «چوار چرا» کە یەکێ خۆی کردبووە حاجی قادر کۆیی‌و لەناو تابووتەکەوە ڕاست دەبووەوەو شیعرێکی حاجی‌ی دەخوێندەوە.

تارێك نەکەون قەبیل ئەکراد هەروا ئەبنە خەرابە ئابادە لە دووا تابلۆی «کچی کرودستان»ەی ساڵی ۱۹۳۱ وەرگیرابووو بیرۆکەی خیرالله عبدالکریم چونکە خیرالله عبدالکریم کە مامۆستابوو لە شاری کۆیێ دەوری لەو شانۆگەری‌یەدا گێڕاوە. هەروەها لە «کچی کوردستانی»ی هەولێر لە ساڵی ۱۹۳۲ دەوری نەگێڕاوە بەڵام مامۆستا عبدالخالق قطب‌و نەمر أحمد ناجی ئەفەندی‌و حسن نعمة‌الله کە شانۆگەری‌یەکە لە جێگای جێشتخانەی «بەیان»ەی ئێستای ئەنیشت گەراجی گوێز پێش‌کەش‌کراو لە قوتابخانەی «ئوولا»ش پرۆڤەدەکرا یارمەتی‌یەکی زۆری «سید نظیف کۆیی»ی داوە لە ئامادەکردن‌و ڕاپەڕاندنی ئیش‌وکاری پێویست. خیرالله عبدالکریم‌و محمد توفیق ووردی‌و محمد محمود قدسی‌و عبدالقادر احمد سامی‌و مصطفی خۆشناو کە ئەکتەرێکی بە توانابووە لە گەڵ زۆرانی‌تر کە لە عیراقەوە چووبوونە مهاباد دەوریان هەبووە لە بواری جموجۆڵی هونەری‌و ئەدەبی. ئەوەشمان لە بیر نەچێت هەر لە کۆنی کۆنەوە شانۆیی «مەلیك» لە مهابادو سنە هەر لە باو بووە کەچی لاسایی «ئیشکەڕن»ەی دوو کەسی وەك تابلۆیەك لە هەمان شانۆیی دابراوەو سەر بە خۆی‌یەکی وەرگرتووە لە ناوچەی موکری‌و سنە بە تایبەتی لە پاش ۱۹٤٥.

پاهەندێ سەرچاوە پیەسی «مەمی ئاڵان»ی عبدالرحیم رحیمی هەکاری بە سەرەتا دادەنێن کە لە ساڵی «۱۹۱۹» لە گۆڤاری «ژین»ی ئەستامبوول بڵاوکراوەتەوە، یا بە یەکەم دەق پیشان نەدراو، بە ڕای ئێمە «مەمی ئاڵان» بە چیرۆکێکی کوردی شانۆیی‌و بەڵگەی بوونی درامای کوردی دەژمێردێت‌و ئێمە ناتوانین بڕیاری پیشان‌نەدانی بدەین، دوورنیە بەر لە ساڵی ۱۹۱۹ نوسرابێ‌و پیشاندرابێت، شانۆش بە نووسەر دەستی پێ‌نەکردووە گەر وابووایە هەر سێ مەوداکانی شانۆ تێك دەشکان‌و دراماش بەر لە ئەدەبی درامی سەری هەڵداوە، هەمان کات کۆرس‌و ئەکتەر داهێنەری دەقیش‌بوون بەر لە بوونی نووسەر. نووسەریش واقعێکی درامی لە شێوەیەکی هونەریدا دەنووسێتەوەو دەیخاتە سەر کاغەز.

۲۰ – چاوپی‌کەوتنێك لە گەڵ هونەرمەند عبدالخالق قطب کە لە شاری کۆیێ لە ماوەی ساڵێکدا ۱۹۳۱ دوو جار شانۆی «کچی کوردستان»ەی دەرهێناوە چاوپی‌کەوتنەکەش لە بەغدابوو لە ساڵی ۱۹۸٤ کاك مغدید حاجیشم لە گەڵدابوو هەروەها چاوپی‌کەوتنێك لەگەڵ عبدالله سامی کە دەوری «لاوی کرد»ەی لە شانۆگەری ناوبراو گێڕاوە.

۲۱ – چاوپی‌کەوتنێك لە گەڵ «رجب محمد» کە دەوری باوکی «پیرۆز – سید نظیف کۆیی» دیوە لە کچی کوردستان لە شاری هەولێرو چاو پی‌کەوتنێك لە گەڵ مامۆستا «انور دلسوز» بە ئامادە بوونی کاك وریا بهاءالدین‌و محمد شکر مصطفی.

۲۲ – لە هەندێ سەر چاوە بڵاوکراوەتەوە کە شانۆیی «نیرۆن» ئامادەکراوەتەوە یا لە ساڵی ۱۹۲٦ نوێنراوە کەچی ڕاستی‌یەکەی هەر وەکو ڕۆژنامەی «ژیان» ڕوونی کردوتەوە هەر پێنج پەردەی دەرهێنراوە هەر وەك خۆی‌و لە ساڵی ۱۹۲۷..

۲۳ – لیژنەی «فەن‌و تەمسیل» کە دەورێکی باڵای گێڕاوە لە پێناوی شانۆی کوردی هەروەکو سیجلاتی کۆن بە دەری دەخات هەر هەبووە لە «مکتب»ەکان لە گەڵ «سندووقی یارمەتی» قوتابی‌یە هەژارەکان‌و لە سەرەتای هەموو ساڵێ پێك دەهێنرا.

لە قوتابخانەکاندا داری جیمناستیك‌و تیپی سروودو ئامێری موسیقا هەبووە لەوانە بوق‌و تا ج معروف. لە وەختی عوسمانلی‌یەکانیس وانە «لسان فرنساوی‌و مۆسیقاو رسم‌و ال ایشلری‌و تربیە بدنیەو حسن خط» دەخوێندرا.

کە ساڵی ۱۹۲٦ بڕیاری ئەوەدرا بۆ ئەوەی خوێندن لە قوتابخانەکاندا بە زمانی دایك‌بێت ناوی لیژنەی «فن‌و تەمسیل» بووە «لیجنەی فنونی جمیلە = لیژنەی هونەرە جوانەکان» ئەو لیژنەیە لە کۆتایی بیستەکان‌و سەرەتای سی‌یەکان زیاتر گەشەی سەندو توانی زووری بۆ خۆی تەرخان بکات‌و مەرسەمێکی قشت

دابمەزرێنێ لە ساڵی ١٩٣٢–١٩٣٣ لە سانەوی هولێرو لە ساڵی ١٩٣٦ پیشانگایەکی گشتی رەسم بۆ خەڵکی شاری هەولێر بکاتەوە زۆران تابلۆی ناپاب و نەمر بخاتە روو کە جێگای سەرسورمان‌بوو تا ئێستا چەند دانەیەکی ئەو تابلۆیانە ماون کە بە خۆم لە لای ئەو کەسانەی کڕیوانە دیومە.

٢٤ – کە مامۆستا «احمد فیاض مفرجی» لە ساڵی ١٩٨٤ هاتە هەولێر دەربارەی دەرهێنەری شانۆیی‌یەکان هەولێرم لێ‌پرسی لە (ئوتێل زەیتون)ە کە هونەرمەند صفوة علی الجراح‌و چەنۆ حسن‌و عادل کاظم ئامادەبوون گوتی :– ئەوەی راستی‌بێت دانیال قصاب بەهرەدارێکی کارامەبووە لە هونەرەکانی شانۆ دیکوری فیلمی «علیاو عصام»ی ساڵی ١٩٤٨ ئەو دروستی‌کرد کە لە هەولێرەوە هاتە بەغدا بووە مامۆستای پەیمانگای هونەرەکان کە لە چلەکاندا دامەزراو کتێبێکیشی دەربارەی دەرهێنان داناوە بۆنی دەنێرم «هەروەها مامۆستا احمد فیاض‌و عادل کاظم گوتیان :– لە پاش گەڕانمان بۆمان رۆن بۆتەوە کە لە بیستەکاندا لە گەرەکێکی شاری هەڵەبجەدا جێگای تایبەتی پیشاندانی شانۆگەری هەبووە»

٢٥ – لە بیستەکان‌و سی‌یەکاندا سەرەرای گۆڤارو رۆژنامەی تورکی‌و کوردی :– فرسەت فنون‌و قەرەقوزو زاری کرمانجی‌و ژیانەوەو ژیان‌و ژین لە لای رۆشنبیران‌و مکتب‌و «قراءةخانە»ی عزیز ئەفەندی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەش دەبیزاو دەفرۆشرا وەك :– نسر وکوکب الشرق‌و أخبار الیوم‌و عیراق تایمس‌و الأثنین والمصورو روز الیوسف‌و زۆران جۆرە چاپەمەنی هونەری ئاسایی لوبنانی‌و میسری‌تر.

کتێبخانەی ئەبشیریش دەورێکی هەبوو لە بلاوکردنەوەی چاپەمەنی ئینگلیزی چ لە هەولێر یا سلێمانی تا «مکتبه الشمال» عزیز ئەفەندی لە ساڵی ١٩٣٧–١٩٣٨ کرایەوە هەرچەندە دوکانی کتێب‌فرۆشان هەبووە لە قەیسەری‌یەکانی هەولێر دوواجاریش کتێبخانەی «سەرکەوتن» لە رەواندوزو کۆیێ لە کۆتایی‌یەکانی جەنگی جیهانی دووەم کرایەوە.

٢٦ – بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم‌و کاتی جەنگ یەك دوو تیپی عوسمانلی هاتوونە هەولێرو سینەمای سەفەریش دوو جار لە ساڵی ١٩١٣–١٩١٥ بە رێگای زاخۆوە هاتووەو لە سەر گالیسکەیەك بارا کرابوو. یەك لە فیلمەکانی ناوی «سلطان عبدالحمید» بووە لە هەولێرەوە بەرەو شاری کۆیەو سلێمانی هەڵکشاوە. لە پاش جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥و ١٩٤٦ سینەمای سەلاحەدین‌و حمراء لە هەولێر دروست‌کراون..

٢٧ – تیپی نواندنی مەکتەبی «تفیض»ی ئەهلی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٢٤ دامەزراوە ئەندامەکانی ئەمانەبوون بەرێوەبەری قوتابخانە – عبدالوهاب العانی لە گەڵ رشاد الحامی – ثابت – سالم مەمو – فاضل عباس حق شبلی – بهاءالدین محمد علی – الدکتور محمد علی – صدیق شنشل – عبدالرزاق شبیب – أحمد حق الحلی – اسماعیل – المحامی محمد أحمد – ئەو تیپە بەسەروکایەتی «حق شبلی» لە هاوینی ساڵی ١٩٢٩ هاتوونە هەولێرو سلێمانی‌و سێ شانۆگەری پێش‌کەش‌کردووە لە هەولێردا لە سەرچایخانەی «معلق»ی ناو بازاری دارتاشان‌و لە سلێمانیدا بەرامبەر رۆژهەلاتی بەر دەرکی سەرا کە ئەوسا باخچەبوو شانۆگەری‌یەکانیش ئەمانەبوون :– «صلاح‌الدین الأیوبی لە ئامادەکردنی شیخ نجیب حداد» و «فی سبیل التاج لە نووسینی فرنسوا کوپیەو وەرگێرانی حلیم دموس»و (السلطان عبدالحمید لە نووسینی وداد عرق».

٢٨ – تیپی «حق‌و بشارە» لە زستانی ساڵی ١٩٣٢ هاتوونە هەولێرو سلێمانی‌و هەشت شانۆیی لە هەولێردا لە چایخانەی «عبو» پێش‌کەش‌کردو بەڵام لە شاری سلێمانی‌دا لە «ئوتێل حاجی ئیبراهیم» پلیتیش بە دوو «روپیە» دەفرۆشراو شانۆگەری‌یەکانیش ئەمانەن :–

«وحیدە شانۆگەری‌یەکی عراقی‌یە لە نووسینی موسی شابەندەر»و الذبائح لە نووسینی ئەنتوان یوزبك» و «هاملت»و «یولیوس قیصر لە نووسینی ڤۆلتێر هەروەکو مامۆستا حق شبلی گوتی» و «عقول فی میزان شانۆگەری‌یەکی عراقی‌یە» و «تاجر البندقیە – شکسپیر» و «هارون الرشید لە نووسینی مارون نقاش «لە گەڵ «الهاویة»

٢٩ – دووجار چوونە لای «جمیل جرجیس» لە تلکیف لە ساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ کە دەوری «دیدەمونا»ی دیوە لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری هەولێرو گوتی :– لە ساڵی ١٩٣٤ تیپی «فاطمە رشدی» میسری هاتە هەولێرو لە «ئوتێل مەگەردیچ»و لە بۆ دوو سێ رۆژ شانۆیی «النسر الصغیر»ی پیشکەش‌کردو دەوری پاڵەوانە پیاوە سەرەکی‌یەکەی «النسر الصغیر» فاطمة رشدی بە خۆی دەبنواند!!» ئەو شانۆگەری‌یە چیرۆکێکی «ئەدمون رۆستان»ە شاعیری میسری أحمد رامی لە شێوەی شانۆگەری‌دا دوو بارە دایرێژیتەوە ئەوەشیان لە بیرنەچێت دەوری «دەیدەمونا» لە بەهاری ساڵی ١٩٥٤ هونەرمەند صفوة علی الجراح گێرای کە مامۆستای نەمر «جواد رسول ناجی» شانۆیی «ئوتیللۆ»ی دەرهێنا.

٣٠ – شانۆیی سەلاحەدین ئەیوبی «جاری دووەم کە لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٣٠ لە هەولێر پیشاندرا گەرجی هونەرمەند «فؤاد رشید بکر» بەشداری تێدا کردووە هەروەکو بە خۆی دەڵێت‌و کورتە لاسایی‌یەکیشی نیشانداوە بە ناوی» مامۆستای کۆن»و لە رۆژی وێنە گرتنیشدا ئامادە نەبووە لە بەرکامیرا بۆیە لە وێنەکەدا ئەوی تێدانیە لە گەڵ ئەکتەرەکان بێجگە لە مصطفی بهجت کە میوان‌بووەو ئەمانەن :– ١ مصطفی بهجت ٢ باکۆس تۆما لە دەوری ئافرەت ٣ متی زکو ٤ عبدالمجید حسن دەرهێنەرو ماکییرو دەوری «سەلاحەدین ئەیوبی»یشی دیوە ٥ جمیل ٦ أحمد فخری سامی ٧ سرکیس توما لە دەوری ئافرەت ٨ معروف عبدالله ٩ قادر کریم ١٠ مجید أمین ١١ شمس‌الدین عبدالله ١٢ سلیمان مولود ١٣ وهبی آکوب لە دەوری ئافرەت ١٤ اسحاق ١٥ اسماعیل أمین ١٦ یوسف یحی ١٧ نیسان داود. لە ساڵی «١٩٨٠» تەنیا باسێکان نووسی لەسەر ئەو شانۆگەری‌یە دانەیەك لەم وێنەیە بە رێگای مامۆستا بدرخان السندی لەگەڵ باسەکە لە رۆژنامەی عیراق مایەوەو بلاونەکرایەوە.

٣١ – وێنەی هونەرمەند فؤاد رشید بکرو محمد بکر تیمور

٣٢ – وێنەی «نیرۆن»ەی رەواندووز لە مامۆستای نەمر طاهر صادق وەرگیراوەو مێژوو نووسی نەمر «حزنی موکریانی»یش لە گەڵ ئەکتەرەکان لە وێنەکەدا دایە.